# ئەوەی سوێند بخوات ولە سوێندەکەیدا بڵێت: سوێند بە لات وعوزا؛ ئەوا با لە پاش ئەوە بڵێت: ( لا إله إلا الله )، وئەوەی بە هاوڕێکەی بڵێت: وەرە با قومار بکەین؛ ئەوا دەبێت خێرێک بکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی سوێند بخوات ولە سوێندەکەیدا بڵێت: سوێند بە لات وعوزا؛ ئەوا با لە پاش ئەوە بڵێت: ( لا إله إلا الله )، وئەوەی بە هاوڕێکەی بڵێت: وەرە با قومار بکەین؛ ئەوا دەبێت خێرێک بکات».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری دەدات سەبارەت بە سوێند خواردن بە جگە لە الله؛ چونکە ئیماندار تەنها سوێند بە الله دەخوات، وپێمان ڕادەگەیەنێت هەرکەسێك سوێند بە جگە لە الله بخوات وەکو سوێند خواردن بە لات وعوزا -کە دوو بت بوون دەپەرستران لە سەردەمی جاهیلیەت (لە پێش ئیسلام)- یان سوێند خواردن بە شتێکی تر؛ ئەوا واجبە دەستبەجێ بڵێت: (لا إله إلا الله)، وئەمە کەفارەتی سوێند خواردنە بە جگە لە الله. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەو کەسەی بە هاوڕێکەی بڵێت: وەرە با قومار بکەین، (قومار: ئەوەیە دوو کەس یان زیاتر کێبڕکێ بکەن لەسەر شتێك وئەوەی بردیەوە پارەی کۆکراوەکەی نێوانیان دەباتەوە، ولەوەیە هەریەکێکیان تووشی دۆڕان یان بردنەوە بێت)، ئەوەی ئەم قسەیە بکات؛ واجبە شتێك بکاتە خێر وەکو کەفارەتێك بۆ بانگەشە کردنەکەی.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee